# خودا ڕاستی فەرموو، وسکی براکەت درۆی کرد، هەنگوینی پێبدە با بیخواتەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: براکەم ئازاری هەیە بەهۆی سکیەوە، فەرمووی: «هەنگوینی پێبدە با بیخواتەوە»، پاشان پیاوەکە جاری دووەم هاتەوە، (هەر) فەرمووی: «هەنگوینی پێبدە با بیخواتەوە»، پاشان پیاوەکە جاری سێیەم هاتەوە، (هەر) فەرمووی: «هەنگوینی پێبدە با بیخواتەوە»، پاشان هاتەوە، ووتی: پێیم دا؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خودا ڕاستی فەرموو، وسکی براکەت درۆی کرد، با هەنگوین بخواتەوە»، هەر (هەنگوینی) پێیدا (بۆئەوەی وەکو چارەسەر) بیخواتەوە؛ هەتا چاک بوویەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وفەرمووی: براکەم ئازاری هەیە بەهۆی سکیەوە، ئەم ئازارەش بەهۆی سکچوونەوە بوو، هەروەکو لە گێرانەوەکانی تری ئەم فەرموودەیەدا هاتووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە هەنگوینی پێبدات، ئەویش هەنگوینی پێیدا وخواردیەوە، پاش چەند جارێکی تر هەر گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەویش هەمان شتی پێی فەرموو، ولە کۆتا جاردا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (خودا ڕاستی فەرموو، وسکی براکەت درۆی کرد، با هەنگوین بخواتەوە)، ئەمیش دوو لێکدانەوە دەگرێتەوە: 1/ خوای گەورە لە غەیبدا پێی نیشاندانەوە لە ڕێگەی وەحیەوە کە ئەم پیاوە بە هەنگوین چارەسەر وەردەگرێ، بۆیە هەر فەرمانی پێیکرد کە هەنگوینی پێبدات چونکە پەیمانی پێدراوە کە بەو شێوەیە چارەسەر دەبێت. 2/ ئاماژە کردنە بۆ ئەو ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ} [النحل: 69] واتە: {خواردنەوەیەکە (هەنگوین) کە ڕەنگەکانی جیاوازە شیفای تێدایە بۆ خەڵکی}؛ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زانستی هەبووە سەبارەت بەو نەخۆشییە کە بە هەنگوین چارەسەر دەبێت. کاتێک جاری چوارەم فەرمانی پێیکرد کە هەنگوینی پێبدات، پیاوەکە چوو وهەنگوینی دا بە براکەی وخوای گەورە شیفای پێبەخشی. ومەرج نییە شیفا بۆ هەموو نەخۆشییەک بێت بەهۆی هەنگوینەوە، بەڵکو هەموو نەخۆشییەک دەرمان وچارەسەرێکی هەیە وشیفا وچاکبوونەوە لەو نەخۆشییە لە ژێر فەرمانی خوای گەورەیە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لكل داء دواء إذا أصيب دواء الداء برئ بإذن الله) [رواه مسلم] واتە: (هەموو نەخۆشییەک دەرمان وچارەسەرێکی هەیە کە چاک دەبێتەوە بە ئیزنی خوای گەورە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8300